# ڕاپەڕینی باكوری كوردستان .. جەمال فەتاح

باكوری كوردستان نزیكەی 23 ملێۆن كوردەو لەدوای ڕوخانی ئیمپراتۆریەتی داڕزیوی عوسمانلی لەلایەن هێزەهاوپەیمانەكانی جەنگی جیهانی یەكەم ودروستكردنی قەواریەكی سیاسی بەناوی كۆماری توركیە لكێنرا بەوقەوارەسیاسیە هەڵتۆقیوەی كەبەسەرۆكایەتی ڕەگەزپەرست ترین وفاشیست ترین تورك كەئەویش عەتاتورك بوو دروستكرا،سەرەڕای ئەوەی بەدرێژایی زیاترلە 500 ساڵ حوكمی كۆنەپەرستی ودواكەوتوی عوسمانلی بەناوی ئاینەوە كوردی سڕ كردبوو وەنەخوێندەواری ونەبوونی ونەخۆشینە كۆمەڵایەتی وقەیرانە ئابوری وئیداری وجەنگەسیاسی وسەربازیەكانی ئەوڕژێمە چی لەگەل ئەوروپاو چی لەگەل ئێرانی سەفەوی وچی لەگەل عەرەب بڕستی لەبەر كورد بڕیبوو.لەهەمانكاتیشدا بەدروست بوونی قەوارەی تورك بەسەر پەرشتی عەتاتوركی فاشیست ودیكتاتۆر بەترسوتۆقاندن وسەربڕین وهەڵواسین ئەوەندەی تر بڕستی لەبەر كوردی باكوری كوردستان بڕی،دژایەتی توركە ڕەگەزپەرستەكان بۆكورد بەجۆرێك بوو هەتا حاشالەبوونیان ئەكرا وەكونەتەوەیەك وە هەوڵی گورچوبڕیان ئەدا بۆسڕینەوەی مۆركی نەتەوایەتی كورد لەباكوری كوردستاندا بەجۆرێك هەردەم كورد بەهاووڵاتی پلەدوو وپلەسێ سەیر ئەكرا لەناو قەوارەی ڕژێمی توركیەدا ئەم ڕەوشە بەئێستاشەوە بەردەوامی هەیە،ئەم تاوانانەش بەرانبەر بەكوردی ستەم دیدە وایكرد كە زیاتر كورد چەوساوەو تەپەسەر بێت لەوبەشەی نیشتمانی كورداندا،دیارە چەوسانەوەی كورد لەتوركیەدا بەپێی بارنامەیەكی نەخشە بۆكێشراو بوو،بەجۆرێك كوردیان لەو وڵاتەدا ئەچەوسانەوە كەكورد هەرگیز بیر لەشۆڕشو ڕاپەڕین وئازادی خۆی نەكاتەوە وەكو نەتەوەیەك،جگەلەوەی زمانی شیرینی كوردی وجلوبەرگی كوردیان لەو وڵاتەدا هەر لەسەرەتاوە لەكورد زەوت كردبوو ئاهەنگو گۆرانی كوردی وبۆنە نەتەوەییەكانیشیان بەتەواوی لێزەوت كردبوون،ئەمانەوجگە لە بەردەوامی نەخۆشینە ئابوری وكۆمەڵایەتی وئیداری وڕۆشنبیریەكانی سەردەمی عوسمانیەكان كەهەربەدەوام بوو لەسەر ناوچە كوردیەكانی باكوری كوردستان،بەجۆرێكی بارنامەڕێژی ئەوتۆ كوردیان ڕیشەكێش ئەكرد كەكورد لەدوای كۆتایی هاتنی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران وگرتن ولەسێدارە دانی خۆی وهاوڕیكانی لەساڵی 1925 دا ئیتر شۆڕشو ڕاپەڕین وسەربەرزەوە كردنی نەتەوایەتی لەباكوری كوردستاندا پەیدا نەبوو هەتا ناوەڕاستی هەشتاكانی سەدەی ڕابردوو كەبەڕابەرایەتی پارتی كرێكارانی كوردستان وسەركردایەتی ڕێزدار عەبدوڵا ئۆجەلان بزوتنەوەیەك پەیدا بوو ئەویش زەمینەی ئەوتۆیان بۆنەڕەخسا كەڕێكخستنێكی شۆڕشگێڕانەی ئەوتۆ چی لەناوەوەی جەماوەرو چی لەناوشۆڕش دروستبكەن بەجۆرێك زۆربەی هەرەزۆری جەماوەر لەدەوری خۆیان كۆبكەنەوەو لەسەر ڕێبازێكی ڕاستەقینەی شۆڕشگێڕانە ڕایان بێنن لەبەر ئەم هۆكارانە،إ-بیروباوەڕی پارتی كرێكاران بیروباوەڕێكی ماركسی لنینی بوو هەرچەند ئەم بیروباوەڕە لەڕابردوودا چەندین گەلی شۆڕشگێڕی ڕزگاركردبوو بەڵام لەلایەك كورد پێویستی بەشۆڕشێكی نەتەوایەتی سەرتاسەری بوو نەك چینایەتی چونكە كورد لەباكوری كوردستاندا وەكو نەتەوە ئەچەوسایەوە بەبێجیاوازی چینێك لەگەل چینێكی دیكە،ب- بیروباوەڕی ماركسی لنینی لەئێوارەیدا بوو ئەوكاتەی كە پارتی كرێكارانی كوردستان بەوبیرو باوەڕەوە هاتە مەیدانی شۆڕش،چونكە هەر چوار ساڵێك پاش هاتنەمەیدانی پارتی كرێكاران یەكێتی سۆڤیەت كەقەڵای سۆشیالیزم و قەڵای بیروباوەڕی ماركسی لنینی بوو بە پێشنیاری پرۆستەریكاو گڵاسنێس ی میخائیل گورباچۆڤ

کەبۆچاکسازی ئیداری وئابوری لەیەکێتی سۆڤیەتی جاران و ڕوسیای ئێستا خستیە ڕوو جەماوەری گەلانی ڕوسیا ڕاپەڕین ویەکێتی سۆڤیەتیان لەرەگوڕیشە هەڵکەندوو لەبەر یەک هەڵیان وەشاندەوە،ج-هەروەها دوابەدوای یەکێتی سۆڤیەتیش هەمووڵاتانی سۆشیالیستی وکۆمەنیستی لەجیهاندا بەگشتی ولەئەوروپای خۆرهەڵاتدا بەتایبەتی لەلایەن جەماوەری گەلانەوە لەڕەگوڕیشە هەڵکران ئەمانەش وایانکرد کەلەگشت جیهاندا بیروباوەڕی مارکسی لنینی بەرەو لاوازی وگۆشەگیری بڕوات لێرەدا پارتی کرێکارانی کوردستانیش وەکو هەر پارتێکی چەپ بەر ئەولاوازی وگۆشەگیریەکەوت،د-بەرەی ئەمریکاو خۆرئاوا سەرکەوتنێکی فۆڕمی سەرکەوتن بەسەر بەرەی شۆشیالزم وبەرەی خۆرهەڵاتداو هەردوو جەمسەرەکەی جیهان لەدوای نزیکی حەفتاساڵ ململانێی جەنگی سارد بوبە یەکجەمسەر بۆیە ئەوپارتو سیستەمە چەپۆکۆمەنیستانەی کەلە جیهاندا مانەوەو بەر شەپۆلی لەناوچون نەکەوتن وەکو کوباو کۆریای باکورو هتد. . لەلایە ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیەوە بەتیۆریزم یان پشتگیری تیرۆر ناوزەت کران لەنەتەوەیەکگرتووەکان فایلیان بۆدروستکراوگەمارۆی ئابوری وسەربازیان خستەسەریان،بۆیە بەفیتی ڕژێمی داگیرکەرو ڕەگەزپەرستی تورکیە پارتی کرێکارانی کوردستانیش فایلێکی وایان دایەپاڵی،بۆیە لەدوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت لەکۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو ئیتر پێویست بووپارتی کرێکارانی کوردستان بارنامەو پرۆژەی خۆی بگۆڕێت چونکە وەک دەزانین پارتو ڕێکخراو لەکوردستاندا هۆکارن بۆسەرخستنی گەلەکەمان وبەدەستهێنانی مافەڕەواکانی بۆیە پێویستە بۆهەرقۆناخێک پارتە کوردیەکان گۆڕان لەخۆیانو بارنامەو پەیڕەووپرۆگرامیاندا بکەن،چونکە دوای ئەوقۆناخەش وای ئەخواست پارتی کرێکارانی کوردستان گۆڕان بەسەر خۆیدا بێنێت بەڵام دیارە بارو دۆخی ناوەکی ودەرەکی پارتی کرێکاران ڕێگای بەگۆڕانی بنەڕەتی نەدا چی لەئاستی ستراتیجەکانی حزبو چی لەئاستی پەیڕەو وپرۆگرامەکەیاندا،ئەمەش سەرکردایەتی سیاسی پارتی کرێکاران خۆیان ئەتوانن زیاتر باسی هۆکارەکانی دیاری بکەن کەگۆڕانەکان بۆچی لەکاتی خۆیاندا نەکران. بەدیدی من نەکردنی گۆڕانەکان لەسەردەمی خۆیاندا هەڵەیەک بوو کەکوردستانی باکورو لەسەروی ئەوانیشەوە پارتی کرێکارانی کوردستان باجەکەیدا کەبەلاواز بوونی پارتەکەو دەستگیرکردنی ڕێزدار عەبدوڵا ئۆجەلانی سەرکردەی پارتە کەکۆتایی هات، چونکە ئەگەر گۆڕانەکان لەکاتو سەردەمی خۆیاندا ڕوویانبدایە بێگومان بارودۆخ بەجۆرێکی تر ئەشکایەوەو سەداسەد هەڵوێستی ئەمریکاش چی لەبەرانبەر پارتەکەو سەرکردایەتیەکەیی وچی لەبەرانبەر باکوری کوردستاندا بەڕێژەیەکی زۆرباش پۆزەتیڤانە ئەبوو.

ئێستاش کوردستانی باکور پێویستی بەسەرکردایەتی کردن هەیە لەلایەن پارتێک یان ئۆپۆزیسێۆنێکی تۆکمەی پتەووە بۆسەر پەرشتی ڕاپەڕین ومانگرتنەکان وئاگادار کردنەوەی جەماوەر کەبەجۆرێکی ڕێکوپێک وبارنامە ڕێژی خۆپیشاندانومانگرتنە کانیان ئەنجام بەدەن وبەردەوام بن لەسەری چونکە ئەگەر شۆڕشو پێشمەرگە پشتگیری جەماوەر نەبێت لەهەر شۆڕشو ڕاپەڕینێکدا ولەنزیکەوە سەرپەرشتی جەماوەر نەکەن سەرەنجامەکەی بەتێکشکان وزیانی زۆری جەماوەر ئەشکێتەوەو پاش سەرکوتکردن کۆتایی پێدێت،ئەمەش ئەبێتە هۆی لاوازی ورەی جەماوەر و ستەمی دوای تێشکانی ڕاپەڕینەکان وائەکات ورەی شۆڕشگێڕانەی جەماوەر بێتە خوارەوە بۆپلەی سفر،ئەوکاتەش بەدەست هێنانی سەربەستی وسەربەخۆیی هەرچی زیاتر دوور ئەکەوێتەوە. سەرەڕای بوونی شۆڕشو پێشڕەوایەتی کردنی باکوری کوردستان لەهەر بزوتنەوەو ڕاپیڕینێکدا پێویستە کورد بەگشتی وسەرکردایەتی کوردستانی باشور بەتایبەتی پشتگیری ڕاستەوخۆی خۆیان نیشانبدەن بۆکوردستانی باکورو هەرپارچەیەکی ڕاپەڕیوی دیکەی کوردستان. بمانەوێ ونەمانەوێ بێدەنگی کردن لەلایەن

کورد بەگشتی سەرکردایەتی سیاسی کوردەوە بەتایبەتی لەسەرکوتکردنی ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی هەرپارچەیەکی کوردستان تاوانە بەرانبەر سەربەخۆیی نەتەوەی کوردبەگشتی..

جمال فتاح
2005/9/11